KCCRC

Political Studies PS

# شیعە لە عێراق؛ لە دروستبوونییەوە تا کودەتا بەسەر دەستەبژێرەکانیاندا



١٦٨ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# شیعە لە عێراق؛ لە دروستبوونییەوە تا کودەتا بەسەر دەستەبژێرەکانیاندا

نووسینی: عەرەب پۆست

سەرچاوە: عەرەب پۆست

وەرگێڕانی: ئیدریس سیوەیلی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٨

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

ئابی ٢٠٢٠

# شیعە لە عێراق؛ لە دروستبوونییەوە تا کودەتا بەسەر دەستەبژێرەکانیاندا

**عەرەب پۆست**

**«پێویستە سەرۆك وەزیرانێکی نوێ دیاریبکرێت بێ دەستێوەردانی دەرەکی» عەلی سیستانی**

گوزارشتێکی هەشت وشەیی، لە وتاری ئایەتوڵا عەلی سیستانی لە یەکێک لە وتارەکانی هەینیدا هاتبوو کە نوێنەرەکەی لە کەربەلا خوێندییەوە، ئەم دەربڕینە مانای زۆر لەخۆدەگرێت، هەموان بەوە لێکدانەوەیان بۆ کرد کە ئاماژەیە بۆ هەژموونی ئێران بەسەر دەسەڵاتی عێراقەوە.

لە سەرەتای کانونی یەکەمی ٢٠١٩ مەرجەعی باڵای ئایینی شیعە لە عێراق باسی لە (دەستێوەردانی دەرەکی) دەکرد، هەروەک ئەوەشی ڕاگەیاندبوو، کە دەستوورناداتە پرۆسەی دیاریکردنی حکومەتی نوێ، سیستانی تەنها لەکاتە هەستیارەکان دەست لە کاروباری سیاسیی وەردەدات، بۆچوونەکانیشی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ڕایگشتیی.

عێراق لەناو تەنگژەیەکی نوێ و جیاواز لەوانەی پێشوو دەتلێنەوە، کە ناونیشانی (جوڵەی شەقام)ە و ڕیشەکەی ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە کە خۆپیشاندانەکان ڕووبەرێکی بەرفراوانی گرتووەتەوە، لەوانە شاری کەربەلا، ئەمەش مانای وایە: یەکەم ئارامگری شیعە لەسەر دەسەڵاتی دەستەبژێری شیعە کۆتایی هاتووە، دووەم دەرکەوتنی دروشمی دژ بە ئێران لەناو خۆپیشاندانەکان مانای وایە شەقامی عێراق هەژموونی ئێرانی ڕەتدەکەنەوە، سێیەمیش شەقامی عێراق ئەو سیستمە گەندەڵەی عێراق ڕەتدەکاتەوە کە لەسەر بنەمای تائیفەگەری و بەشبەشێنە دامەزراوە، کە دەستەوەستان بووە لە ئاست دابینکردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتی عێراقی و دەستەبەرکردنی هەلی کار و ئاو و کارەبا و ... تاد. هەر ئەمەش سەرۆکی عێراق و سەرۆکی حکومەت و حزبە باڵادەستەکانی وڵاتی هێنایە سەر ئەوەی کە ئامادەبن نەرمی بۆ داواکاری خۆپیشاندەران بنوێنن، بەڵام وەک هەندێک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی باسیان لێوەکرد، ئێران ڕازی نەبووە بەخۆبەدەستەوەدان بۆ خواستی خۆپیشاندەران و شەقام.

بە بەڵگەی ئەوەی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ ڕێبەرانی دوو هاوپەیمانی گەورە لە پەرلەمان، موقتەدا سەدر و هادی عامری لایەنگری ئێران، ڕازی بوون عادل عەبدولمەهدی دەستبەرداری پۆستەکەی بێت و کەسێکی ناحزبی جێی بگرێتەوە. ڕۆیشتنی عەبدولمەهدیش بە دیوێکدا لێدانی گورزە لە ئێران.

هەر بۆیە بە پەلە قاسم سلێمانی سەرۆکی فەیلەقی قودس هەمان ڕۆژ گەیشتە بەغدا، داوای لە عامری کرد بەردەوام بێت لە پشتیوانی سەرۆکی حکومەت، لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەک گەورە بەرپرسی ئەمنی وتی «ئێران شارەزایە لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناڕەزایەتییەکان». مەبەستی سلێمانی لەم قسەیە ڕوونە کە لەگەڵ دەستپێکردنی ناڕەزایەتییەکان شەپۆلێکی توندوتیژی لە دژیان پەیڕەو کرا و دەیان کەس بوونە قوربانی، دواجاریش وێڕای هەوڵەکانی ئێران عادل عەبدولمەهدی دەستیلەکارکێشایەوە.

لە ناو هێزە شیعەکاندا هەیانە پاڵپشتی ئێرانە، هەشیانە وەک دوژمن لێی دەڕوانێت، هەندێکی تریشیان ئاڵە موەکەی موعاویەی هێشتوەتەوە لەگەڵی، دوای ڕووخانی بەعس و داگیرکاری ئەمەریکا، گرووپە شیعەکان دەستیان گرتووە بەسەر ناوەندە سیاسیی و ئەمنییەکانی عێراقدا، ویستویانە گۆڕانکاری لە سیستمی سیاسیی و ئابوری عێراق بکەن، نە ڕەزامەندی گەلیان بەدەستهێنا، نە توانیشیان پارێزگاری لە ڕەوشی ئەمنی بکەن.

KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

**شیعەگەری لە عێراق، شوێنە پیرۆزەکان و حەوزە زانستییەکان**

شیعەکانی عێراق وڵاتەکەیان بە پایەتەختی ئایینزای شیعە دەزانن، شیعە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لە عێراقەوە سەریهەڵداوە، خەڵکی کوفە بوونە لایەنگری عەلی کوڕی ئەبوتالیب و نەوەکانی لە سەدەی یەکەمی کۆچی، عەلی کوڕی ئەبوتالیب کوفەی کردبووە ناوەندی سەرەکی خیلافەتەکەی، زۆرینەی

> مەرجەعەکانی نەجەف ویلایەتی خامنەیی ڕەتدەکەنەوە و پێیانوایە ئەو تەنها لە چوارچێوەی ئێران ویلایەتی هەیە

ئیمامەکانی شیعەش لە شارەکانی عێراق نێژراون، بۆیە لە سەرتاسەری دنیاوە سەردانی گۆڕی پێشەوا و ئەهلی بەیت دەکەن لە نەجەف و کەربەلا.

بەشێکی بەرچاوی گەورە مەرجەعەکانی شیعە لە عێراق دەژین، نەجەف گەورەترین حەوزەی زانستی شیعەیە لە عێراق، ئەمەش وای کردووە عێراق پەیوەستییەکی بەهێزی بە شیعەوە هەبێت.

لە سەردەمی ئومەوی و عەباسییەکان شیعەکان ڕووبەڕووی سزای دارایی و بەندکردن و کوشتن بوونەوە، دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران، شا ئیسماعیلی سەفەوی لە ١٥٠٨ بەغدای داگیر کرد، کوشتوبڕی زۆری کرد، شیعەگەری بەسەر بەغدادا سەپاند، بەڵام ئەمە زۆر درێژەی نەکێشا و عوسمانییەکان دەسەڵاتیان بەسەر بەغدادا کێشا، بەمەش بەغدا لەبندەستی سوننە مایەوە لە سەردەمە جیاوازەکان تا ڕووخانی حزبی بەعس لە عێراق.

لە سەروبەندی ڕووخاندنی سەدام، شیعەکانی عێراق پێیانوابوو ئەمە کۆتایی هەژموونی سوننەیە و ئیتر خۆیان دەتوانن ڕۆڵێکی زیاتر ببینن لە عێراق، دوای ئەوەی شیعە بەشداربوون لە ڕزگاربوون لە داعش، جارێکی تر پێشبینی ئەوەیان دەکرد دۆخی گوزەران و ژیانیان لە عێراق باشتربێت، بەڵام پێکهاتە و حزبە شیعییەکان نەیانتوانی هیچکام لەو خەونانە بکەنە واقیع، چوارچێوەی سیستمی سیاسیی عێراقی زۆرینە شیعە بە شێوەیەک گەندەڵ بوو کە ڕەچاوی دۆخی هاووڵاتی عێراقی و دەستەبەرکردنی پێویستیەکانی نەکردووە، لەوانە ئاوی پاک و کارەبا و پەروەردە و چاودێری تەندروستی، ئەمە سەرەڕای بێهیوایی لە دۆخی ئابووری و بڵاووبوونەوەی بێکاری لەناو چینی گەنجان.

**بنەماڵە شیعە خاوەن پێگەکانی عێراق**

دوای ڕووخاندنی بەعس چوار بنەماڵەی ئایینی شیعە خاوەن پیگەی گەورە بوون و ململانێ لەسەر دەسەڵاتی ئایینی عێراق دەکەن، هەر بنەماڵەیەکیشیان لەلایەن توێژێکی بەرفراوانی شیعەکانی عێراق ڕێزلێگیراون، ئەوانیش:

**یەکەم: بنەماڵەی خوئی**

دوای ڕووخانی بەعس کەسایەتی ناسراوی ئایینی عەبدولمەجید خوئی ویستی هاوکاری هێزەکانی ئەمەریکای هەبوو، ئەمەش لە پێناو دروستکردنەوەی عێراقی نوێ دوای سەدام حسێن، هیچ شتێکی ئەوتۆی لێنەبیسراوە شوێنکەوتووەکانی هاندابێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا، بەڵام بە ماوەیەکی کەم دوای ڕووخانی سەدام عەبدولمەجید خوئی بە هۆی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە لە نەجەف گیانی لەدەستدا.

### دووەم: بنەماڵەی حەکیم

ئایەتوڵا محەمەد باقر ئەلحەکیم بە دژایەتی داگیرکاری ئەمەریکا ناسرابوو، بێ ئەوەی بانگەشە بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، کاتێکیش لە ئێران بوو، هەڵگری بیرۆکەی بەرەنگاربوونەوەی سەدام بوو، ناوبراو دۆست و پاڵپشتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، بڕوای بە تیۆری ویلایەتی فەقیه هەبوو، خوازیاری دروستکردنی سیستمێکی سیاسیی بوو لە عێراق کە پیاوانی ئایینی سەروکاری بکەن.

موقتەدا سەدر وا خۆی وێنا دەکات کە ڕێبەری ڕۆحی هەژارانی شیعەیە لە عێراق

### سێیەم: بنەماڵەی سیستانی

ئایەتوڵا سیستانی دوای کوژرانی ئایەتوڵا محەمەد سادق سەدر لە ١٩٩٩ پۆستی مەرجەعی باڵای شیعەکانی گرتەدەست، لەناو پیاوانی ئایینی عێراق لە هەموان سەربەخۆترە، تیۆری ویلایەتی فەقیه ڕەتدەکاتەوە، تەنانەت کاتێک خومەینی لە نەجەف بوو لە سەردەمی شای ئێران، سیستانی دژایەتی خومەینی دەکرد، لە سەرەتای هێرشی ئەمەریکاوە بۆسەر عێراق شوێنکەوتوانی بەوە ئامۆژگاری کرد، کە خۆیان لە ململانێی سەدام و ئەمەریکا هەڵنەقورتێنن. سیستانی لەلایەن سەرجەم حزبە شیعەکانی عێراق ڕێزی لێدەگیرێت، یەکەم کەس بوو لە ٢٠٠٣ داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی خێرای کرد تا بۆشاییی سیاسیی لە عێراق پڕبکرێتەوە، فەتوا و تێڕوانینەکانی سیستانی لای توێژێکی بەرفراوانی شیعەکانی عێراق پەسەندە، بۆیە قسەکانی بەها و گرنگی گەورەیان هەیە لە ژیانی سیاسیی عێراق، لە خۆپیشاندانەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووش پاڵپشتی خۆپیشاندەرانی کرد و هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی لە بڕیاری خۆپیشاندەران ڕەتکردەوە.

### چوارەم: بنەماڵەی سەدر

دوای کوژرانی محەمەد سادق سەدر لە ١٩٩٩، موقتەدا سەدری کوڕی وەکو ڕێبەری بنەماڵەکە ئەژمار دەکرێت، هەندێک پێیانوایە موقتەدا خەونی ئەوەی هەیە شوێنی سیستانی بگرێتەوە.

### شیعە و سیاسەت و حوکمڕانی عێراق

هەرچەندە شیعەکانی عێراق لە ڕووکەشدا لە دەرەوە وەکو کوتلەیەکی مەزهەبی دەردەکەون، بەڵام لە ناوەڕۆک و کاری سیاسیدا جیاوازن، بەشێک لە حزبە شیعەکان لە دواهەمین هەڵبژاردن هاوپەیمانی نیشتمانیان پێکهێنا کە ١٣٠ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

کورسییەکانی پەرلەمان لە نێوان حزبە بچوک و گەورەکاندا دابەشبووە، لە ١٩٦٨- ٢٠٠٣ عێراق لەلایەن تاکە حزبێکەوە حوکمڕانی دەکرا، کە حزبی بەعس بوو، بەشی زۆری ئەو ماوەیە سەدام حسێن کەسی یەکەمی دەسەڵات بوو، کە هەوڵیدەدا شیعەکانی عێراق بە تەواوی ڕیشەکێش بکات، سیاسییەکانی شیعە ڕووبەڕووی ڕاوەدونان و گرتن بوونەوە، هەندێکیان ڕوویانکردە تاراوگە، بە تایبەت ئێران و وڵاتانی ئەورووپا.

لەگەڵ هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا تای تەرازووەکە لە بەرژەوەندی شیعە شکایەوە، سیاسییەکانیان گەڕانەوە عێراق و پشکی شێری دەسەڵاتیان بەرکەوت، لەو

دەمەدا زیاتر لە ٣٠٠ حزب لە عێراق هەبوون کە زۆرینەیان شیعە بوون، دیارترینیان ئەمانەبوون:

١- حزبی دەعوەی ئیسلامی: دێرینترین حزبی شیعەی عێراقییە، لەدوای ڕووخانی بەعس زۆرترین ماوە پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراقیان لەدەستبوو، لە ٢٠٠٥- ٢٠١٧ سێ کەسایەتییان سەرۆکوەزیرانی عێراق بوون ئەوانیش: ئیبراهیم جەعفەری، نوری مالیکی و حەیدەر عەبادی بوون.

حزبی دەعوە لە ١٩٥٧ بە سەرکردایەتی ژمارەیەک کەسایەتی ئاینی دامەزرا، دیارترینیان محەمەد باقر سەدر، کە وەکو تیۆرسێنی حزب ئەژمار دەکرێت، ئەو دەیویست ئایدۆلۆجیایەکی ئیسلامی شیعی بێنە بوون، کە کێبڕکێی بیری مارکسی بکات.

لە هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەندامانی حزب ڕووبەڕووی هەڵمەتی پاکتاو و ڕاوەدونان بوونەوە، ئەم هەڵمەتە خودی دامەزرێنەری گرتەوە و گیانی سپارد، زۆرینەی ئەندام و سەرکردەکانی حزب ڕوویان کردە تاراوگە بە تایبەت ئێران، ئەوانی لە ئێران بوون تا ئێستاش بە باڵی لایەنگری ئێران ئەژمار دەکرێن، بڕوایان بە بیری خومەینی و پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهـ هەیە، هەندێکی تریان وڵاتی بەریتانیایان هەڵبژارد و لێی نیشتەجێ بوون، ئەوانە لەمڕۆدا زۆرترین مەیلیان بەلای دیموکراسی و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت هەیە و بڕوایان بە فرەیی هەیە.

دوای ڕووخانی سەدام حسێن ناکۆکی لەناو حزب سەبارەت بە جۆری پەیوەندی لەگەڵ ئێران دروستبووو، حزب وا خۆی ناساند کە کاردەکات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی ئیسلامی شیعە لە عێراق، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئایدۆلۆجیای حزب گۆڕانکاری بەسەردا هات و زیاتر لە بڕوابوون بە سیستمی دیموکراسی نزیک دەبویەوە و لە سیستمی ئایینی دورکەوتەوە، هەڵبەتە ناکۆکیەکانی ناوخۆ ڕۆڵی هەبوو لەم گۆڕانەدا، ئەو ڕەوتەی مالیکی ڕێبەری دەکرد زیاتر مەیلی بەلای ئێراندا هەبوو، ئەوەی حەیدەر عەبادی ڕێبەری دەکرد مەیلی بەلای ڕۆژئاوادا هەبوو، بەڵام ئاکڕەوی مالیکی و هەوڵدانی بۆ بەهێزکردنی پێگەی شیعە و لاوازکردنی پێکهاتەی سوننە و کورد دۆخی حزبی ئاڵۆزتر کرد، هەر ئەمەش هۆکاری شکستی حزب بوو لە هەلبژاردنی ٢٠١٨.

٢- ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لە عێراق، ساڵی ١٩٨٢ لە ئێران لەژێر ناوی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق بە سەرکردایەتی محەمەد باقر حەکیم دامەزرا، بڕوای بە تێزی ویلایەتی فەقیهـ هەبوو، لە پاڵ ئێران بەژداری جەنگی دژ بە عێراق کرد، پاش هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا لە ٢٠٠٣ بەشداری پرۆسەی سیاسیی کرد و ناوەکەی گۆڕا بۆ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی لە عێراق. هەندێک پێیانوایە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی هێندەی ڕێکخستنێکە بە ناوی کەسێکەوە کە حەکیمە هێندە بزووتنەوەیەکی جەماوەری خاوەن دیدی سیاسیی نییە. دوای ڕووخانی بەعس، محەمەد باقر حەکیم گەڕایەوە عێراق ڕایگەیاند ئامادەیە لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر خاکی عێراق کاربکات، ناوبراو لە ئابی ٢٠٠٣ بەهۆی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە نەجەف تیرۆر کرا، دوای ئەو براکەی عەبدولعەزیز حەکیم بووە ڕێبەری حزب، ئەویش لە ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی بەناوی عەممار حەکیم بووە ڕێبەری حزب و گۆڕانکاری بەسەر دۆخی حزبدا هات، نەرمی نواند لە بەشداری ئەندامانی حزبی بەعس لە پرۆسەی سیاسیی و پاڵپشتی لە دۆزی کوردیش دەکرد، تا ڕادەیەکیش ئامادەی هاوکاری بوو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی.

عەممار حەکیم وازی لە حزب هێنا و لە ٢٠١٧ حزبێکی نوێی بە ناوی ڕەوتی حیکمە دامەزراند، ڕایانگەیاند ئەم هەنگاوە بە ئامانجی «بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق و پارێزگاری لە مافەکان بە شێوەیەکی گونجاو و فراوانتر بوو لە پرۆژەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی». ڕەوتی حیکمە بۆ بەدەستهێانی کورسی پەرلەمانی زیاتر چووە ناو چەندین هاوپەیمانی، لەگەڵ موقتەدا سەدری نەیاری هاوپەیمانی پێکهێنا، پارێزگاری لە هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی دەعوە کرد.

لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی لە عێراق، لەسەر ڕێنمایی ئایەتوڵا خومەینی باڵی سەربازی ئەنجومەنەکە لەژێر ناوی ڕێکخراوی بەدر بۆ بەرەنگاربوونەوەی حزبی بەعس پێکهێنرا، ڕێکخراوەکە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دارایی دەکرا، سەرەتا وەکو یەکەیەکی سەربازی بچوک لە پاڵ ئێران لە جەنگی دژ بە عێراق بەشداری کرد، پاشان بووە یەکەیەکی سەربازی بەهێز و گەورە، لەناو خاکی عێراق چالاکی ئەنجام دەدا، لە ڕاپەڕینی شیعەکانی عێراق لە ١٩٩١ ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، لە باشووری عێراق پاکتاوی ژمارەیەکی زۆری ئەندامی حزبی بەعسیان کرد، دوای هاتنی ئەمەریکاش پشتیوانی هێزەکانی ئەمەریکایان دەکرد، سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە بەشێوەیەکی تا ڕادەیەک سەربەخۆ لە حزب کاری سیاسیان دەکرد، لە ٢٠١٠ بەدواوە زیاتر مەیلیان بەلای نوری مالیکی دۆستی ئێران هەبوو و لێ نزیکبوونەوە، لە ٢٠١٢ ڕێکخراوی بەدر بەتەواوی لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی جیابوویەوە، دوای ئەوەش لە شەڕی سوریا لە پاڵ حزبوڵای عێراق و کەتیبەکانی سەید شوهەدا بەشداری کرد.

٣- ڕەوتی سەدر، ڕەوتی سەدر بە ڕێبەری موقتەدا سەدر تاکە جوڵانەوەی شیعەیە کە لەناوخۆی عێراق مایەوە و بەرەنگاری ستەمی بەعس لە شیعە بووەوە، ڕەوتەکە لە ڕووی دیسپلینەوە ڕێکخراو نییە، بەڵام پەیوەستە بە ناوی مەرجەعە ئایینییەکانەوە کە پێگەیەکی بەهێزیان هەیە، محەمەد باقر سەدر بڕوای بەهێزی بەوە بوو کە «جێنشینی خەڵکی لە ڕێگەی سەرپەرشتی ئایەتوڵایەکی مەزنەوە دەبێت» و «مەرجەعی ڕێنماییکار» ڕۆڵی گەورە دەبینێت، هەروەک پێیوابوو مافی سیاسیی گەل جیاوازە لە مافی فەقیهەکان، پێشیوابوو دەبێت چاودێری زیاتر بخرێتە سەر فەقیهەکان، بەڵام بڕوای بە شێوازی تەقلیدی دیاریکردنی مەرجەعەکان هەبوو نەک ئەوەی بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرێن.

موقتەدا سەدر وا خۆی وێنا دەکات کە ڕێبەری ڕۆحی هەزارانی شیعەیە لە عێراق، مێژووی ڕەوتەکەی بە کردەیی دوای هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق دەستپێدەکات، یەکێکیشە لە ڕەوتە توندەکان و نەیار بە داگیرکاری عێراق، سەدر تۆڕێکی دەزگای کۆمەڵایەتی، مزگەوت، پەیمانگەی ئایینی و ڕێکخراوی خێرخوازی بۆ یارمەتیدانی هەژاران دروستکردووە، هەر ئەمەش وای کردووە لەناو هەژارانی شیعە پاڵپشتی زۆر دەکرێت، شوێنکەوتوانیشی بە ملیۆنان کەس دەخەمڵێنرێن.

موقتەدا لە پاڵپشتی جەماوەری پشتی بە پێگەی کەسایەتی باوکی بەستووە کە لە ١٩٩٩ سەدام حسێن تیروری کرد، لەگەڵ دژایەتی تەواوی بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، لە سەرەتادا موقتەدا مەیلی بەلای ئێراندا هەبوو، ئێران هاوکاری کرد بۆ دروستکردنی سوپای مەهدی کە دژایەتی هێزەکانی ئەمەریکای دەکرد، بەڵام دوای قۆناغێک لە پێگەیشتنی سیاسیی، موقتەدا خۆی لە شوێنکەوتەیی ئێران ڕزگارکرد، گوتارێکی نەتەوەیی میللی ئەبەنی کرد، زیاتر لە جارێکیش بانگەشەی ئەوەی کردووە کە دەبێت عێراق بگەڕێنەوە بۆ ژینگە عەرەبییەکەی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بەهێز بکات، لەو چوراچێوەشدا لە ٢٠١٧ سەردانی سعودیەی کرد، بەڵام تا ئێستا پەیوەندی لەگەڵ ئێران نەپچڕاندووە، هەرچەندە جۆرێک لە ئاڵۆزی لەم کەسایەتییەدا هەیە.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٠١٨ کوتلەی سائیرون سەر بە موقتەدا سەدر زۆرترین کورسی پەرلەمانی مسۆگەر کرد، بەوەش بووە لایەنێکی کاریگەر لەسەر پێکهێنانی حکومەت.

### گۆڕانی سوپای مەهدی بۆ سریەکانی سەلام

سوپای مەهدی ڕێکخراوێکی عێراقی شیعی چەکدار بوو موقتەدا سەدر لە کۆتایی ٢٠٠٣ دایمەزراند، بەرپرسە لە کوژرانی ژمارەیەکی بەرچاوی هێزەکانی ئەمەریکا، هەر ئەمەش وای کرد ببێتە مایەی ئورەبوونی کۆشکی سپی، ناوبراو ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە جەنگی تائیفی لە عێراق لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ لەو ڕووەوە

چەندین ئۆمەتی دژ بە سوونەکان ئاراستەکراوە، لە ٢٠٠٥ سوپای مەهدی و ڕێکخراوی بەدر سەر بە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی کەوتنە شەڕێکی نوندەوە، موقتەدا لەو کاتەدا ئێرانی بەوە ئۆمەتبار کرد کە لە ڕێگەی ڕێکخراوی بەدر ئۆڵە لە سوپای مەهدی دەکاتەوە چونکە لە سایە و چەتری ئێران چووەتە دەرەوە، لە ٢٠١١ دوای مانەوەی چوار ساڵ لە ئێران بە مەبەستی خوێندنی ئایینی لە حەوزەی زانستی

## بەشێك لە میلیشیا شیعەکان نووسینگەی بازرگانیان کردووەتەوە و تێکەڵ بەو لایەنە بوون، ململانێی کەرتی تایبەت دەکەن

قوم، موقتەدا گەڕایەوە عێراق، فەرمانی دایە شوێنکەوتوانی بەرگری پیرۆز (چەکداری) بگۆڕن بۆ بەرگری ئاشتیخوازانە و جەخت لەسەر ژیانی سیاسیی بکەنەوە، بەڵام دوای هێرشەکانی داعش بۆسەر شارەکانی عێراق لە ٢٠١٤، لەسەر داروپەردوی سوپای مەهدی، موقتەدا سریەکانی سەلامی دروستکرد، لە پاڵ حەشدی شەعبی دژی داعش جەنگا.

٤- حەشدی شەعبی، ساڵی ٢٠١٤ کاتێک ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق (داعش) هێرشی کردە سەر سوپای عێراق و هێزی ئەمنییەکان لە دۆخێکی خراپدا بوون، نەیاندەتوانی بەرەنگاری هێرشەکانی داعش ببنەوە، مەرجی باڵای شیعەکان عەلی سیستانی فتوای دا کە هەموو تاکێکی عێراقی دەتوانێت چەک هەڵگرێت و لەپاڵ هێزە ئەمنیەکانی حکومەت دژی داعش بجەنگێت، لەو مێژووەوە حەشدی شەعبی لە پاڵ هێزەکانی حکومەت و ئەمەریکییەکان دژی داعش جەنگا تا ڕزگارکردنی موسڵ لە ٢٠١٧، زانیاری ورد بەردەست نییە دەربارەی ژمارەی تەواوی هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەڵام هەندێک خەمڵاندن لە پەرلەمانی عێراق ژمارەیان بە ١٦٠ هەزار جەنگاوەر دەستنیشان کردووە.

هەندێک کەس بە هەڵە پێیوایە کە حەشدی شەعبی پێکهاتەیەکی یەکگرتووی شیعەیە و لە سایەی یەک ئایدۆلۆجیادا کۆبوونەتەوە، لە ڕاستیدا حەشدی شەعبی بە گشتیی بۆ سێ گرووپ دابەشدەبن، ئەوانیش:

یەکەم: گروپی شوێنکەوتەی سەدر، کە خۆی لە سریەکانی سەلام دەبینێتەوە، یەکێکە لە بەهێزترین پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی، لە ڕووی ڕێکخستن و ژمارەوە. کاتێکیش بڕیاری لکاندنی هێزەکانی حەشدی شەعبی بە سوپای عێراقەوە درا، سریەکانی سەلام بە ڕێبەری موقتەدا سەدر پێشوازی لەو بڕیارە کرد.

دووەم: گرووپی شوێنکەوتەی عەلی سیستانی، پێکهاتەکانی ئەم گرووپە پەیوەستبوونی تەواوی خۆیان بۆ مەرجی باڵای شیعەکان لە نەجەف عەلی سیستانی دەربڕیوە، لەسەر بنەمای فتوای ئەو دامەزراون بۆ پارێزگاری لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق دژ بە هێرشەکانی داعش، ئەم گرووپە بەشداری ژیانی سیاسیی نەکردووە، ڕێبەرەکانیشیان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانیان یان تێکەڵبوونیان بە هێزەکانی حکومەتی عێراق، دیارترین پێکهاتەکانی ئەم گرووپە: سریەکانی عەتەبەی عەباسی، سریەکانی عەتەبەی حوسێنی، سریەکانی عەتەبی عەلەوی، لیوای عەلی ئەکبەر.

سێیەم: گرووپی شوێنکەوتەی ئێران، ئەم گرووپە ژمارەیەکی زۆری پێکهاتەکانی ناو حەشدی شەعبی دەگرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ لە ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، لە لایەن سوپای پاسداران مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت، ڕێبەرانی ئەم پێکهاتانە بە ئاشکرا و

ڕاستەوخۆ پەیوەستبونیان بە ویلایەتی فەقیهی ئێران کە خۆی لە عەلی خامنەیی دەبینێتەوە دەردەبڕن، ئەنانەت ڕێبەری مەرجەعیەتی شیعە لە نەجەف ڕەتدەکەنەوە کە عەلی سیستانییە، گرنگرین پێکهاتەکانی ئەم گرووپە: سریەکانی خوراسانی، حزبولای عێراق، کەتیبەکانی ئەبولفەزل عەباس، کەتیبەکانی سەید شوهەدا. تەواوی ئەم گرووپانە ڕەتیدەکەنەوە تێکەڵ بە سوپای عێراق ببن و بچنە ژێر سایەیەوە.

**ململانێی حەوزەکان، ویلایەتی فەقیه یان دوورکەوتنەوە لە سیاسەت**

ململانێیەکی شاراوە لە نێوان هەردوو حەوزەی زانستی قوم و نەجەف سەبارەت بە پێگە و هەژموون هەیە، گەورە مەرجەعەکانی نەجەف وەکو محەمەد ئیسحاق فەیاز، محەمەد سەدر، بەشیر نەجەفی، کەمال حەیدەری و جەواد خالیسی ویلایەتی خامنەیی ڕەتدەکەنەوە و پێیانوایە ئەو تەنها لە چوارچێوەی ئێران ویلایەتی هەیە، بەڵام حەوزەی قوم ویلایەتی وەلی فەقیه دەسەپێنن بەسەر سەرجەم شیعەکاندا و ئەمەش کاریگەری لەسەر گۆڕەپانی عێراق هەیە، پارت و گرووپە شیعەکان دەبنە دووبەش، بەشێکیان شوێنکەوتەی خامنەیی وەکو هادی عامری ئەمینداری گشتیی کوتلەی فەتح، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشوتر، بەشێکی تریشیان هەژموونی ئێران بەسەر عێراقەوە ڕەتدەکەنەوە لەوانە: مەرجەعی باڵای ئایینی کە بڕوای بە ویلایەتی فەقیهی ڕەها نییە، بەڵکو پێیوایە ڕەها نییە هەرچەندە بە ئاشکراش ئەمە نەڵێن، لەوانەش: عەلی سیستانی، محەمەد ئیسحاق فەیاز، محەمەد سەعید حەکیم، بەشیر نەجەفی، محەمەد یەعقوبی، قاسم تائی، فازیل بودێری و موقتەدا سەدر.

ژمارەیەک گەورە مەرجەعی نەجەف عەرەبن، بەڵام شیعەکان عەرەبچێتیان زۆر ئۆخنەکردوەتەوە، بە بڕوای ئەوان ئەوە لە کۆمەڵگەی عێراقی سودبەخش نییە، بۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژان گرنگیان بە ڕەچەڵەکی مەرجەع نەداوە هێندی گرنگیان بە ناوبانگی زانستی و ئاستی ئایینداری داوە، دیارترین زانا ئێرانیەکان کە لە عێراق نیشتەجێن: ئەبوحەسەن ئەسفەهانی، ئەبوقاسم خوئی، عەبدولکەریم زنجانی و دیارترینیشیان عەلی سیستانی مەرجەعی باڵا، عێراقییش محەمەد سەعید حەکیم، ئەفغانی ئیسحاق فەیاز و پاکستانی محەمەد بەشیر نەجەفی.

بە وتەی تالیب ساعدی مامۆستا لە حەوزەی زانستی نەجەف، ژمارەی مەرجەعە ئاینییەکان لە قوم زۆر

> **شیعەکانی عێراق متمانەیان بە حکومەتەکەیان لاواز بوو، چونکە نەیتوانی پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین بکات**

زۆرە، ئەمەش بەهۆی ئەو دۆخەی عێراق پێیدا تێپەڕی لە سەردەمی سەددام حسێن و حزبی بەعس، ساعدی دەشڵێت «ویلایەتی فەقیه بابەتێکی خیلافییە، هەندێک زانای نەجەف بڕوایان بە ویلایەتی فەیقه هەیە لەوانە: محەمەد باقر سەدر، محەمەد سادق سەدر، موقتەدا سەدر، بەڵام ئەو نە موجتەهیدە و نە مەرجەع، بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ فەقیهە موجتەهیدەکان، بەڵام سیستانی بڕوای بە ویلایەتی فەقیه هەیە لە سنوورێکی دیاریکراو نەک بە ڕەهایی».

بە وتەی بەرپرسی نووسینگەی سیستانی، سیستانی پاڵپشت و پشتیوانی داواکاری خۆپیشاندەرانە لە

عێراق، لەوبارەوە جەعفەر موسەوی دەڵێت «گوتاری مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان کە سیستانی نوێنەرایەتی دەکات بۆ هەمووان ڕوونە، ئەو پشتیوانی لە داواکاری خۆپیشاندەران دەکات و دەخوازێت خۆپیشاندانەکان بە شێوەی ئاشتیانە بەڕێوەبچن، هاوکات بەکارهێنانی توندوتیژی و ڕاوەدونان و هەڕەشکردن بۆ کۆتایهێنان بە خۆپیشاندان ڕەتدەکاتەوە». جەواد خالیسی یەکێک لە مەرجەعە ئایینییەکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەتکردنەوەی بەشداری سیاسەت لەلایەن سیستانییەوە هەڵوێستێکی هەڵقولاوی شەرعی و نیشتمانییە، پەیوەستە بە پاراستنی نیشتمان و یەکگرێزی گەل، ئەمەش لەگەڵ هەڵوێستی مێژوویی مەرجەعییەتی ئیسلامیی لە عێراق کۆکە بە درێژایی مێژوو، بە تایبەت هەڵوێستی خالسی گەورە و ژمارەیەکی زۆری گەورەزانایان کە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسیی ڕەتکردوەتەوە کە لە سەرەتای سەدەی بیست ئینگلیزەکان سەپاندیان بەسەر عێراقدا.

## راپەڕینی ٢٠١٩، گەڕان بە دوای نیشتمان و پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێ

ڕۆژنامەنووسێکی سویسری دەربارەی خۆپیشاندانەکانی عێراق دەنووسێت «بێکاری و فەسادی بە بەرنامە لە دیدی زۆربەی خۆپیشاندەراندا پەیوەندیەکی بەهێزی بە سیستمی سیاسیی ئێستاوە هەیە کە لەسەر بناغەی بەشبەشێنە و تائیفەگەری و مەحسوبییەت دامەزراوە، ئەمەش لە سایەی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، وێڕای ئەوەی داهاتی نەوت ملیاران دۆلارە کە دێنە گەنجینەی دەوڵەت، بەڵام ئەمە نەبووەتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتی، لە شارێکی وەکو بەسرە کە سێیەم گەورە شاری عێراقە ئاوی پاکی خواردنەوە دەستەبەرنەکراوە، لە سایەی ئەو دۆخەدا عێراقییەکان و بەتایبەت شیعە هاتنە سەر شەقامەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شیعە سودمەندترین گرووپ بوون لە ڕووخانی سەدام حسێن».

ڕۆژنامەی (Tages Anzeiger) سویسری لە سەرەتای خۆپیشاندانەکان لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، نووسیبوی: هاوپەیمانی شیعەکان زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەستە، بەڵام بەهێزترین پێکهاتەی شیعەکان بەسەرکردایەتی موقتەدا سەدر نفوزی ئێرانی لە بەغدا بە توندی ڕەتدەکاتەوە، داوای پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکرات دەکات، بەڵام دواجار سەدر ناچاربوو بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکە لەگەڵ گرووپەکانی لایەنگری ئێران وتوێژ بکات.

عێراق بەدەست نفوزی گرووپەکانی سەر بە ئێران دەناڵێنێت، ئەوان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە شکستپێهینانی داعش بە فەرمی، پاشان لکێنران بە دەزگا ئەمنییەکانی عێراقەوە، تا لەژێر سەرپەرشتی سەرۆک وەزیراندا بن، بەڵام دۆخەکە لە واقیعدا تەواو جیاوازە و بەشێک لەو گروپانە فەرمان لە قاسم سلێمانی (بابەتەکە بەر لە کوژرانی قاسم سلێمانی نووسراوە، وەرگێڕ) وەردەگرن.

سەرەڕای ئەوەش، بەشێک لە میلیشیا شیعەکان نووسینگەی بازرگانیان کردوەتەوە و تێکەڵ بەو لایەنە بوون، ململانێی کەرتی تایبەت دەکەن، هەرچەندە ساڵانە ٢ ,٢ ملیار دۆلار لە بودجەی عێراق بۆ ئەو هێزانە خەرج دەکرێت، ئەو ڕێژەیەش دووجار لە بودجەی وەزارەتی ئاو زیاترە.

هەڵبەتە بوونی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران پێگەی ئەو وڵاتە لە عێراق بەهێز دەکات و سێ ئامانجی بۆ بەدیدێنێت:

١- ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لەبەرامبەر ئەمەریکییەکان.

٢- دەستەبەرکردنی ڕێگەی وشکانی گەیشتن بە سوریا و لوبنان، کە ڕێگەی گەیاندنی کۆمەکی سوپای پاسدارانە بۆ حزبوڵای لوبنان.

٣- ئەو هێزانە کاریگەرییان هەیە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئێران و کەمکردنەوەی کاریگەری سزا ئابورییەکانی ئەمەریکا لەسەر عێراق، چونکە ئێران گرەو لەسەر هاوپەیمانە هەرێمییەکانی دەکات بۆ تێپەڕاندن و کەمکردنەوەی کاریگەری سزاکانی ئەمەریکا.

## بۆچی شیعەکان لە حکومەتەکەیان هەڵگەڕانەوە؟

چاوەڕوان دەکرێت حکومەت سێ لایەن دەستەبەر بکات: ئاسایش، ژیانێکی گونجاو و گرنگیپێدان، ئەمەی کۆتاییان گرنگە بۆ هاووڵاتی کە هەست بکات حکومەتێکی هەیە گرنگی بە خواست و پێداویستییەکانی دەدات، بەپێی ڕێژەی بێئومێدبوونی تاک لە حکومەتەکەی لەو سێ لایەنەوە، ڕق و تووڕەیی بەرامبەر دەسەڵات زیاتر دەبێت، شیعەکانی عێراق متمانەیان بە حکومەتەکەیان لاواز بوو، چونکە نەیتوانی پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین بکات، لەو سێ بوارەی باسکران، بۆیە خۆپیشاندان ڕوویدا، تا کار گەیشتە دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیران، عەبدولمەهدی لە بەیاننامەی دەستلەکاکێشانەوە بەم گوزارشتە دەستپێکرد «دوای بەردەوامبوونی خۆپیشاندان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک»، ناوبراو نەیوت دەستلەکاردەکێشمەوە وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ داواکاری خۆپیشاندەران، هیچ ئاماژەیەکی ئیانەبوو کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە عێراق دەکرێت، بە نابەت کۆتایهێنان بە حوکمی ئائیفەگەری، بەڵکو وتی وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ بانگەوازی مەرجەعی باڵا عەلی سیستانی، بۆ ئەوەی ئاماژە بۆ داواکاری خۆپیشاندەران بکا. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنی کە بڕیاری چارەنوسسازی وڵات بەدەستی مەرجەعی باڵایە کە لە زۆر شتدا لەگەڵ ئێران ناکۆکی سیاسیی هەیە.

توندوتیژترین خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری زۆرینە شیعە بوو، ئەوان داوای کۆتایهێنان بە حوکمی ئائیفەگەر و چەسپاندنی دادپەروەری و سزادانی گەندەڵکارانیان دەکرد، داوایان دەکرد ترلیۆنێک دۆلار کە داهاتی بەرهەمە نەوتییەکانی عێراقە و دزراوە بگێڕدرێتەوە، ئەو بڕە زۆرەی پارە لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی وڵات بەکارنەهێنراوە، خۆپیشاندان لەپێناو بنیادنانی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی کرا کە لەسەر بنەمای (یەکسانی هاووڵاتی) دامەزرابێت و هەموو جۆرە جیاکارییەک ڕەتبکاتەوە، ئەوان داوای یەکێتی نیشمانییان دەکرد لەسەر ینەمای ناسنامەیەکی نیشتمانی گشتگیر، ئێستا لەبەردەم عێراق ڕێگایەک هەیە کە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێیە بەهاکانی دادپەروەری و یەکسانی لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون ڕەنگرێژی بکات.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان ناوەندێکـی قازانـج نەویسـتی سـەربەخۆیە، کاردەکات بـۆ ئەنجامـدان و پشـتگیریکردن و هاندانـی توێژینـەوەو پێشکەشـکردنی بـە ڕای گشـتی، هەروەهـا وەرگێڕانـی کتێـب و نوێتریـن توێژینـەوە جیهانییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و دەوڵەمەندکردنـی لیتریچـەی کـوردی لەبوارەکانـی سیاسـەت و دیراسـاتی ئاینـدە، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەمنییـەکان، ئاگادارکردنـەوەی دەسـتەبژێری سیاسـیی کـورد لـەو هەڕەشـانەی کـە ڕووبـەڕووی کوردسـتان و ناوچەکـە دەبنـەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS